**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
**( C.H.AK )**

The Center of Halabja
Nawendî Helebce
ناوەندی هەڵەبجە — مركز حلبجة
C.H.A.K چاك

**Nawendî Helebce**
*Dij be Enfalkirdin u cînosaydî gelî Kurd*
**مركز حلبجة**
لمناهضة انفلة وابادة الشعب الكردي

E-mail: antigenocide@hotmail.com

# ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد- چاك

Tele-Fax: 0061296100010, 0031152129446, 0035897260062: تەلەفۆن/ فاكس

---

لە ناوەندی هەڵەبجەوە بۆ دادگای دانمارك

بەڕێزان لە دادگای دانمارك، سڵاو و ڕێز.

ئێمە لە ناوەندی هەڵەبجە، بە پەرۆشەوە گوێبیستی هەواڵ و وردەكارییە تازەكانی پرۆسەی دادگاییكردنی تاوانباری جەنگ و جینۆسایدی گەلی كورد (نزار خەزرەجی)ین و دەستخۆشیتان لێ دەكەین بۆ دەستبەكاربوونتان بۆ ئەم دادگاییكردنە.

بەڕێزان:

ئێمە پێمان وایە (نزار خەزرەجی) سەرۆك ئەركانی پێشووی سوپای عێراق، یەكێك لەو تاوانبارە سەرەكییانەیە، كە ڕاستەوخۆ دەستی هەبووە لە جینۆسایدكردنی گەلی كورد و نەخشەكێشان و ئەنجامدانی هێرشە خوێناوییەكانی سوپای عێراق لە ڕێگای كیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجە و ئەنفالكردنی گەلی كوردەوە.

وڵاتی دانمارك و دادگای دانمارك، بۆیان هەیە شانازی بەوەوە بكەن كە بۆ یەكەمین جار و بە كردەوە دەستیان كردووە بە دادگاییكردنی تاوانبارانی جەنگ و جینۆسایدی گەلی كورد. ئێمە لێرەدا وێڕای سوپاسی بێپایانمان بۆ دادگای دانمارك، داواكارین ئەم هەڵوێستەتان بەردەوام بێت و هیچ هۆكارێكی دەرەكی كار نەكاتە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی دادگا.

هەردەم سەركەوتووبن.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد– چاك

٦،٢،٢٠٠٣

www.kurdista
كوردستان نێت